# پانۆرامای ڕاپەڕین !

**کەمال ڕەئوف**
Kamalrehuf300@hotmail.com

کاتێك چەخماغەی ڕاپەرین لە شارەکانی خواروی عێراق لەدژی دەسەلآتی ئەوکاتەی بەعس لێیدا, ئەمریکاییەکان لەترسی هاتنە سەرکاری خومەینیەکی تر لەعێراقدا دەستی شەڕیان لەسەر هێزەکانی بەعس سوك کرد و لەگەلّ ڕژێم کەوتنە گفتوگۆ و ڕێککەوتن , ئەوان لەدژی ڕاپەڕینی خەلّك ڕێکەوتن و بۆسەرکوتی ڕاپەڕینیش ئەمریکاییەکان گلۆپی سەوزیان بۆ سەددام داگیرسان و کۆمەکیان کرد, کە پزیسکی ڕاپەرین تەنیەوەو شارەکانی کوردستانیشی گرتەوە و خەلّك هێرشیان بردەسەر مۆلّگاکانی بەعس و پێشمەرگە لەشاخەوە دابەزییە ناوشارەکان , ئەوکاتە هێشتا زۆربەی بەرپرسەکان لەئوردووگاکانی ئێران و لەمالّەکانیاندا گوێبیستی هەوالّەکان بوون و چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد ئەمریکاییەکان سەددامیان بۆ بڕووخێنێت.

یەکەم چالاکی سیاسی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لەدوای ڕاپەڕین لەناوچە ئازادکراوەکان بەرهەمهێنانی بڕیاری داخستنی بنکە شوارابیەکان بوو , ئەو هەنگاوە کە بۆ دیموکراتیزەکردن و بەمەدەنیکردنی کۆمەلّگە هاتە مەیدانی خەباتەوە! بەوە دەستی پێکرد کە هانی هێزەکانیان بدەن هەلّمەت بەرنە سەر ئەو بنکە شوارابیانەی کە ئەندامەکانیان شان بەشان و لەپێشەوەی خەلّك لە ڕاپەڕیندا بەشداریان کردبوو (چوونکە گومانی ئەویان لێدەکرا تابوری پێنج و گێرە شێوێنبن). لەدرێژەی ئەم سیاسەتەشیانەوە کەبووە بەردی بناغەی بیناکردنەوەی دەسەلآتێکی مەدەنی و دیموکراتی لەدووهەم هەلّمەتی شورشگێرانەی ئەو بەرەیەدا لەترسی بەرە لەژێر پێدەرهێنانی خۆیان لەگەلّ ڕژێم کەوتنە مفەوەزاتکردن و لەگەلّ تاوانبارارن وسەرەك جاشەکان ئاشبوونەوەی گشتیان ڕاگەیان و بەرپرسیارێتیان لەدیاریکردنی چارەنووسی میللەت پێبەخشین.

یەکەم بڕیاری سەربازی سەرکردایەتی بەرە بەتوافق و بەشەراکەتێکی دیموکراتیانە لەسەر پشکەکان و بەرکەوتەکان و دەستکەوتەکان و گومرگەکان ڕێکەوتن و لەدرێژەی ئەم ڕێکەوتنە مێژووی یانەشیانەوە لەهەلّمەتێکی شۆڕگێرانەدا بەلّێشاو ئاودیوکردن و تالآنکردن و مایە پوچکردنی ژێرخانی ئابوری کوردستان دەستی پێکرد,لەم هەلّمەتەشدا بۆ هەردووحیزبە گەورەکە وەك یەك( واتەپەنجا بەپەنجا) بۆ هەمووحیزبەووردیلەکانی ناوبەرەش بەگوێرەی توانا بەشیان بۆ بڕایەوە, ئەمە جگە لەو دەستکەوتانەی کە هەریەکە بەجیا بۆخۆی بەدەستیان هێنابوو.

کاتێك هێزەکانی ڕژێم دەستیان بە پەلاماردانی ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان  کرد هێشتا بەرگری لەهەندێ گەرەکی ناوشاری کەرکوك مابوو کەچی بەشێکی زۆری سەرکردایەتی بەرە  بەپێی بەرنامەیەکی حەکیمانە سلێمانیشی چۆڵ کرد, کاتێك ئاوارەبوون و کۆڕەوە مەزنەکەش دەستی پێکرد, هێشتا زۆربەی خەڵك بەلاپاڵ و کوێستانەکانی کوردستانەوە  لەبەر سەرما بە بێ پێویستیەکانی ژیان مابوونەوە کەچی نوێنەرانی سەرکردایەتی بەرە لەبەغدادی پایتەخت تۆزیان دەکرد.

کاتێك ڕاپەڕینی دوەم و سێهەمیش لەدژی گەرانەوەی هێزەکانی بەعس هەڵگیرسایەوە , بەشێکی زۆر لەهێزەکانی پێشمەرگە (بەقیادە واحیدی) لەگەڵ خەڵك لەسەنگەرێکدا بوون و بەشێکی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی و هێزەکانی ڕژێمیش لەسەنگەرێکدا بوون . ئیستاش وا چەندین ساڵ بەسەر ئەو ڕاپەڕینە مەزنەدا تێدەپەڕێت کە چی خەڵك وەلآمی ئەو پرسیارەیان بۆ ڕۆشن نەبووەتەوە کە ئاخۆ ڕاپەڕین سەرکەوتنی بەدەست هێناو بەدوامەنزڵی سەرکەوتنی خۆی گەیشت و هەموو ئاسەوارەکانی بەعسی ڕامالی  وسڕییەوە یان ڕاپەڕین هەر زوو شکستی خواردو حیزبەکان و سەرکردەکان سواری سەرسەری ڕاپەڕین بوون و بە جۆرێکی تر بەرەو دیوەخان ومەنزلگاگانی بەعسمان ڕاپێچ دەکەنەوە .؟